# چەند دڵۆپە فرمێسکێکی خەم بۆ یادی دایکی شەهیدم

ئارام قزلەری
ستۆکهۆڵم 2007/10/24
aram_qzlary@hotmail.com



لەگەڵ هەر نوسینی ووشەیەک دڵۆپە فرمێسکەکانی چاوم بەر دیدەم لێڵ دەکەن‌و دەستی لەرزۆکم لەبەر دەم گەورەیی‌و خۆشەویستی تۆدا توانای نوسینیان نیە و هیچ ئەندامێک لە جەستەم هەست ناکەم وەکو پێویست کار بکەن، تا بتوانن خۆشەویستی خۆیان پێشکەش بەم یادە پیرۆزەت بکەن.
بیست ساڵە لە هێلانەی دڵی هەموماندا هەڵفڕیویت‌و جێگەت کڵکۆت تەنانەت ئازارەکانیشت نادیارن‌و نازانین چۆن سەبوریمان بێت ، خۆزگە وەک هەموو ئەو دایکانەی کاتێک بەرەو دوا مەزارگا بەڕێ دەکرێن ئێمەش بەشان بە ڕێمان بکردیتایەو، تێر تێر پرچەکانتمان ماچ بکردایەو ماڵ ئاوایمان لێ بکردیتایە ئەوسا کە مێک سەبوریمان دەهات.

وا بیست ساڵە ماڵ ئاوایت لێ کردوین‌و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چاوەڕوانی گەڕانەوەتین هەرگیز بڕوا ناکەین هیچ پەتێک هیچ جەلادێک دەستی چوبێتە گەردنی پیرۆزت‌و کۆتایی بە ژیانت هێنابێت.

دایە گیان لەگەڵ هەموو قاقایەکی پێکەنینیشمان لە نێو گەروماندا تۆپەڵ تۆپەڵ فرمێسکی غەم تێکەڵ بە خۆشیەکانمان دەبێت.
خۆزگە ئێستا لە درزێکەوە دەت بینم کە چۆن هەموو جەستەم دەلەرزێت و هەر وەک چاوەکانم فرمێسکیان لێ

دەبارێت... هەر چەند بیر دەکەمەوە هیچ ووشەیەکم بۆ نایەت شایستەی گەورەیی و خۆشەویستی تۆ بێت و تا ناخی سوتاومی پێ دابمرکێنمەوە .

دایە گیان بڕوا بکە دوای دڵنیا بونیشمان لەوەی ئەو تاوان بارانە ئەو دڕندانە ئەو جەلادانە کە دەستیان جۆتە گیانی پاک و بێ گەردت . بەڵام ئێمە هەروا دەزانین سەفەرێکت کردووەو دەگەڕییتەوە لامان، زۆر لە خۆمان دەکەین هەندێک جار سوێند بە گڵکۆت بخۆین.

بۆیە هەتا ئەو ڕۆژەی ئێمەش چاولێک دەنێن چاوەڕوانی ئەوەین بگەڕێیتەوە ناومانو جەستەی ماندومان لە نێو باوەشی گەرمتا بحەسێتەوە.

بۆیە پێم خۆشبوو ئەو هۆنراوەیە پێش کەش بەم یادە پیرۆزەت بکەم کە شاعیری گەورەی کورد خوالێ خۆش بوو کاک شێخ حەسیب قەرەداخی بۆی نوسیبویت کاتێک لە زیندانە تاریکەکانی ئەو فاشتانەدا بویتو هەریەکەمان بە جۆرێک خۆشەویستی خۆمانمان بۆ دەردەبڕیت.

**بۆ دایکی شەهید بەرهەم**

بۆ ئەو دایکەی کەس نازانێت دیلی کام زیندانێکە
بۆ ئەو دایکەی کۆرپەی دڵی باوانێکەو خێزانێکە
خەبەر بەرن وا بەرهەمت خوێنی گەشی کرد بە کفن
سەری بەرزی دا نەنەوان وەک سوار چاکێکی مەزن
دایکی بەرهەم بەدڵ بگری بە کوڵ بگری ڕۆڵە ڕۆیە
وا نەزانی ئەم کۆیلو زامە بەس بەتەنها بەشی تۆیە
ووڵات هەموی قوڕپێوانەو دڵی بێخەم وا لە خاکا
مۆتەکەی مەرگ وا هار بووەو خۆ کۆ لە هیچ کەسێک ناکا.

هۆنراوەی خوا لێ خۆشبوو
شێخ حەسیب قەرەداغی.. 1987